کۆردستان

لە پێناو دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستاندا

ژمارە (٢٥) | پارتی ئازادیی کوردستان دەری دەکا | NO:(25)

عەلی قازی محەممەد، داوا لە پارلمانی کوردستان دەکا ٢ی رێبەندان وەک بۆنەیەکی فەرمیی نەتەوەیی دیاری بکا

لە بەیاننامەیەکدا کە بە ناوی سەرۆکایەتیی پارتی ئازادیی کوردستانەوە دەریکردووە، بەڕێز عەلی قازی محەممەد داوا لە پارلمانی کوردستان دەکا ٢ی رێبەندان، رۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، وەک بۆنەیەکی فەرمیی نەتەوەیی و نیشتمانی دیاری بکا.

هەر لە بەیاننامەکەیدا بەڕێز سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان ، وێڕای پیرۆزبایی لە رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی و لە دەرەوەی وڵات، رادەگەیەنێ کە PAK جارێکی دیکە ئیرادەی خۆی بۆ دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستان دەمەزرد دەکاتەوە .

دەقی بەیاننامە لا ٢

دڕاندنی وێنەی خامنەیی میژوویەکی کورت و دیاردەیەکی نوێ



لا٤

بۆ پێداگری و سووربوون لە سەر خۆیندن و نووسین بە زمانی زگماکی پێویستە دەست بدەینە زنجیرە چالاکییەک

لا٢

فارسیی کرماشانی یان فارسیی هاوردە وە کرماشان

لا٥

سەرئەنجام ئیرادەی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران، تۆماری دەسەڵاتی ئەوانیش وەک تۆماری رێژیمی پاشایەتی تێکەوە دەپێچێ

لا٢

بەرپەرچدانەوەی قسەی دوژمنان و دەسنیشانکردنی جیاوازییەکانی هەڵوێستی PAK لە سەر کۆماری کوردستان

لە رێورەسمێکدا کە بە بۆنەی ٦٤ هەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی دەوڵەتی جمهوریی کوردستان لە یەکێک لە بارەگاکانی PAK پێکهات، رێزدار حسەین یەزدانپەنا جێگری سەرۆکی PAK، لە وتەیەکی گرینگدا باسی لە ٢ی رێبەندان وەک رۆژی بەدەوڵەتبوونی کورد و دەوری پێشەوا قازی محەممەد لە دامەزراندنی کۆمار و کار و کردەوە و بەرهەمەکانی کۆمار و کاریگەرییەکانی لەسەر تاکی کورد و کۆمەڵگای کوردستان کرد.

هەروەها، لە قسەکانیدا جێگری سەرۆکی PAK ، هەل و مەرج و سیاسەتی جیهانی و ناوچەیی سەردەمی کۆماری کوردستان و کاریگەرییەکانی بەسەر رووخانی کۆمارەوە خستەبەر باس. لە درێژەشدا بەڕێزیان ئاماژەی بە خۆیندنەوە و هەڵوێستەکانی PAK لە بەرانبەر کۆماری کوردستاندا کرد و لە تەوەری دامەزراندنەوەی کۆماردا وتیان: «کۆمار بە وێستی نەتەوەی ئێمە دامەزرا، بەڵام بە پیلانی نێودەوڵەتی و هێرشی دوژمنی داگیرکەر رووخێندرا. کەوابوو ئەو کۆمارە بە بڕیاری خەڵک هەڵنەوەشاوەتەوە و شەرعیەتی ئەو بڕیارە لەجێی خۆیەتی.»

هەروەها، کاک حسەین یەزدانپەنا وێڕای ڕەتکردنەوەی قسەی دوژمنان کە ئەو کۆمارە بە دەسکردی دەڕەکی دەناسێنن، چەند خاڵێکی وەک سنووری نێوان هەڵوێستی PAK و لایەنەکانی دیکە لەسەر کۆماری کوردستان، دەسنیشان کرد.

دەقی وتەکان ل٣

بە هۆی تەقەی هێزەکانی ڕێژیمەوە هاوواڵتییەک گیانی لەدەست دا

بە پێی هەواڵی گەیشتوو لە سەردەشتەوە، رۆژی ٢٦ی رێبەندان لە نزیک گوندی قەرەپەشێی ئەو شارە، کۆمەڵێک لە کاسبکارانی ئەو گوندە کەوتنە بۆسەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە و لە ئاکامدا «عومەر ڕەسوولی» بە هۆی تەقەوە گیانی لەدەست دا و دوو کاسبکاری دیکە بە ناوەکانی «زاهیر ئەلیاسی» و «عەبدوڵڵا ئەلیاسی» بریندار بوون.

شایانی باسە کە رۆژانە کاسبکارانی سەر سنوور دەکەونە بەر دەستڕێژی گوللەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و دەکوژرێن یان بریندار دەبن.

ڕووسیە مووشەکی جۆری S – ٣٠٠ بە ئێران نادا

بە پێی هەواڵێکی ئاژانسی «ریانوڤۆستی» ڕووسی، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هاوکارییە سەربازییەکانی ڕووسیە«میخائیل دمیتریێف»، ڕایگەیاندووە: «هاوکارییەکانی نێوان ئێران و ڕووسیە بەردەوام دەبێ، بەڵام لەبارەی پێدانی ئەم موشەکانە بە ئێران، دواتر بڕیاری لەسەر دەدرێ.»

گرێبەستی فرۆشتنی مووشەکی S-٣٠٠ بە ئێران، لە ساڵی ٢٠٠٥ ئیمزا کراوە، بەڵام ڕووسیە تاکوو ئێستا ئەم مووشەکانەی نەداوە بە ئێران.

وڵاتانی ڕۆژئاوا سەبارەت بە دانی ئەم مووشەکانە بە ئێران، ڕەخنەی تووندیان ئاراستەی ڕووسیە کردووە و بە گوتەی کارناسان، گوشارەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بووەتە هۆی ئەوەی تا ئێستا ئەم مووشەکانە بە ئێران نەدرێ. بۆیە ئێران زۆر جار سەبارەت بەم دواخستنە، ڕەخنەی لە ڕووسیە گرتووە.

سەرۆک ئەرکانی سوپای ڕووسیە:

هێرشی نیزامیی ئەمریکا بۆ ئێران نزیک بووەتەوە

سەرۆکی دەستەی ئەرکانی سوپای ڕووسیا «نیکۆلای ماکارۆف»ڕایگەیاند: پرۆسەی بەکارهێنانی سەربازیی دژ بە ئێران لەلایەن ئەمریکاوە بە دوور نازانێ و بەپرۆسەی سەربازیی سێیەم ناوزەدی کرد.

لەلایەکی دیکەوە «ماکارۆف» مەترسییەکانی ئەو پرۆسە سەربازییەی دژ بە ئێران خستەڕوو و لەو بارەیەوە ڕایگەیاند: هەر کردەیەکی سەربازیی دژ بە ئێران، کاریگەریی لە سەر هەموو ناوچەکە دەبێ.

شایانی باسە کە پێتاندنی ئۆرانیۆم و پەرەسەندنی چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران بووەتە هۆی نیگەرانیی وڵاتانی ناوچەکە و سەرلەبەری جیهان و وەک هەڕەشە و مەترسییەکی گەورە چاوی لێ دەکرێ.

کۆشکی سپی پێشوازی لە دالای لاما دەکا

سەرکردەی ڕۆحیی تبت «دالای لاما» سەردانی واشنگتۆن دەکا و لەگەڵ سەرۆک حسەین باراک ئۆباما کۆدەبێتەوە.

ناڕەزاییەکانی چین لە سەر سەردانەکەی سەرکردەی ڕۆحیی تبت «دالای لاما» بۆ واشنگتۆن کاریگەریی نەبوو و کۆشکی سپی پێشوازی لە « دالای لاما» دەکا.

جێی باسە کە پێشتر لە لایەن خۆیەوە، چین هۆشداری بە ئەمریکا دابوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی دیدارەکەی لەگەل «دالای لاما».

بە بۆنەی ٢٢ی رێبەندانەوە چوار حیزبی کوردستانی بانگەوازێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە

ڕۆژی ٢١ی رێبەندانی ٢٧٠٩ کوردی، لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا، پارتی ئازادیی کوردستان، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستان و سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەن ڕۆژی ٢٢ی رێبەندان بکەنە دەرفەتێکی دیکە بۆ «نا» گوتنەوە بە کۆماری ئیسلامی و هێنانە گۆڕێی ویست و داخوازە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانیان.

هەروەها حیزبەکان داواکارن لەم ڕۆژەدا، داوای ئازادیی بەندییە سیاسییەکان، هەڵوەشانی حوکمی ئێعدام بۆ گیراوانی سیاسی، لاچوونی سانسۆر لەسەر ڕاگەیەنەکان، کۆتاییهاتن بە ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەیی و پیشێلکردنی سەرەتاییترین ماف و ئازادییەکانی خەڵک لە کوردستان، تێکەڵ بە دڕووشم دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی بکرێ.

دەقی ڕاگەیەندراو لاپەڕە ٢

بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی چوار حیزبی کوردستانی بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە

لە ڕێکەوتی ١٩ی رێبەندانی ٢٧٠٩ کوردی، پارتی ئازادیی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکییەوە بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە.

حیزبەکان لە بەیاننامە هاوبەشەکەیاندا داوا لە قوتابییان، خوێندکاران و مامۆستایانی کورد دەکەن لەو ڕۆژەدا بە جلوبەرگی کوردییەوە بڕۆنە قوتابخانەکان.

هەروەها ئەوان خوازیاری ئەوە بوون کە « لە زانکۆکاندا، خوێندکاران بە هەڵدانی پلاکاردی تایبەت بەو ڕۆژە، بۆ هێنانەگۆڕێی ئەم داوا ڕەوایە تێ بکۆشن.»

دەقی ڕاگەیەندراوەکە لە لاپەڕە ٢ بخوێنەوە